# ڕەگاژۆ


**نووسینی:**

**سەید عەبدولقادر سەمەدی**

وەرگێڕانی لە فارسییەوە:

**عەبدوڵڵا سەمەدی**

s.abdullahsamadi@gmail.com




گوڵە ڕەنگاوڕەنگەکانی حەوشە لەژێر تینی ژیانبەخشی خۆرەتاوا، سەرمەستی جوانی و ڕازاوەیی خۆیان بوون. گوڵیگوڵاو، گوڵەمەخمەری، گوڵەبەڕۆژە، گوڵەباغ، هێرۆ، لاولاو، یاسەمەن، ژاڵە، شەوبۆ، ناز، زەمبەق، نەسرین، نەرگس و... هەرکام بە شۆخوشەنگی و بە بۆنوبەرامە باخچەیان ڕازاندبۆوە.

لە نێو گژ و گیای قوژبنی باخچە و دوور لە کۆمەڵی گوڵە گەشەکان، بە تەنیا وەنەوشەیەک ڕوابوو. بە لاسکی کز و لکی لاوازەوە ملکەچ وێستا بوو و جار جار غەمگین و شەرمێون بە نیونیگایەک لە گوڵەکانی دەڕوانی.

ڕۆژێک پەپوولەیەک لە ئاسمانی باخچەدا پەیدا بوو. بڵیند و نەوی فڕی و بە دەوری گوڵەکاندا گەڕا و بەرز بوویەوە و خولێکی دا و دووراودوور چاوی بە وەنەوشە کەوت. یەکڕاست بۆی هات و لەسەر پەڕە ناسکەکانی نیشت.

وەنەوشەی شەرمێون بە گۆشەی چاو تێیڕاما. پەپوولەیەکی زۆر جوان بوو کە باڵە ئاڵووالآکانی لە ژێر تیشکی خۆرا وەکی کۆلکەزێڕینە دەتروسکان.

وەنەوشە لەم هەموو جوانییە تاسا. یەکەمجار بوو هاودەمێکی لە پەنا خۆی دەبینی؛ ئەویش بەم شۆخوشەنگییە. لەبەر خۆوە گوتی: «خۆزگە منیش پەپوولە بوایەم، تا دەست لەناو دەستی ئەم پەپوولە ڕەنگامەیە، بە جووت بەرەو شوێنی دڵخواز فڕیباین و بە جوانییەکانی سرووشتا گەڕاباین.»

وەنەوشە خەریک بوو ئەسپی ئارەزووەکانی زین دەکرد، کە لەنەکاو پەپوولە فڕی و ئەوی لەگەڵ حەز و تاسەکانی تەنیا هێشتەوە.

لەوە بەدوا، هەموو ڕۆژێ لە کاتێکی دیاریکراودا پەپوولە سەردانی باخچەی دەکرد و بە دەوری گوڵەکاندا دەسووڕایەوە و ئینجا بە شادی و سەما بەرەو وەنەوشە دەڕۆیی و لەسەر پەلکە ناسکەکانی وچانی دەگرت.

وەنەوشە بە تەواوی دڵی دابوو بە پەپوولە، و ئەگەر ڕۆژێک نەیدیتبا یا جارێک وە درەنگی کەوتبا، نیگەران و پەشۆکاو چاوی لە ڕێگا دەبڕی و هەزار خەیاڵی بە دڵدا دەهات. ئەم ئەوین و خۆشەویستییە وەها لە دڵی وەنەوشەدا ڕیشەی داکوتابوو و ڕەگاژۆی کردبوو کە بۆ چرکەساتێکیش نەیدەتوانی بیر لە پەپوولە نەکاتەوە و فەرامۆشی بکا.

وەنەوشە چیدی توانی ئەوەی نەبوو ئەوینە یەکلایەنەکەی بشارێتەوە. ئەوە بوو کە سەرەڕای شەرمێونی، بڕیاری دا ڕازی دڵ بدرکێنێ و لە ڕاستەوە لەگەڵ پەپوولە باخێوێ.

وەنەوشە لە ڕستەیەک، تەنانەت وشەیەک دەگەڕا کە بیکاتە پەیکی ئەوین؛ بەڵام هیچی بۆ دەستەمۆ نەدەبوو. ئەوە بوو کە کەوتە بیری پێشکەشییەک تا بە هۆی ئەو بتوانێ ئەوین و ئۆگریی خۆی بە پەپوولە نیشان بدا.

شەو لە بیری پێشکەشی‌دا بوو، بەرەبەیان دڵۆپەیەک شەونمی ساردی لە ئامێز گرتبوو و ئامادە بوو تا بە ناوی باربۆی ئەوین بیدا بە خۆشەویستەکەی.

تاریکی تارا و گزینگ لووتکەکانی ئەنگاوت، بەڵام هەواڵێک لە پەپوولە نەبوو. ڕۆژەکان یەک لە دوای یەک تێپەڕین، بەڵام دیسانیش ونبووەکەی وەنەوشە هەواڵێکی نەبوو...!

دڵی وەنەوشە بە هەزار ڕێگادا دەڕۆیی و سەری لە هیچکامیان دەرنەدەکرد. گەلۆ نەخۆش کەوتووە؟ ڕێگای باخچەی ون کردووە؟ یا بووەتە خۆراکی باڵندەیەک؟

وەنەوشە دڵۆپە ئاونگەکەی هەروا لە ئامێز گرتبوو و نیگەران و چەمەڕای گەڕانەوەی پەپوولە بوو. هاوین ئارام ئارام دەبووری و پاییز هێدی هێدی دەگەیشتە جێ. تەوژمی با و تەزووی سەرما، بارانی گەڵایان دەباراند. گوڵەکانی باخچەش دانە دانە سیس دەبوون و هەڵدەوەرین.

وەنەوشەی ئەویندار هەروا لەسەر پێ وێستابوو و چاوی لە ڕێگەی گەڕانەوەی پەپوولە بڕیبوو. ئەوین هێزێکی وەهای پێبەخشیبوو کە نەک لە بەرامبەر تەوژمی با و تەزووی سەرما، بەڵکوو لە ئاست لەنگێزەی تۆفان و زمهەریری بەستەڵەکیشدا دەیتوانی ڕاوەستێ و بەربەرەکانی بکا.

پاییزیش بهووری و بە دوای ئەودا بەفری زستان وڵاتی سپیپۆش کرد. ئیدی گوڵ و گەڵا و ڕوەک هەواڵێکیان نەبوو. بەڵام وەنەوشەی تەنیا، لە گۆشەی باخچە و لە ژێر بارستی بەفردا هەروا لەسەر پێ وێستابوو و پێشکەشییەکەشی، کە ئێستا ببوە گۆیەکی سەهۆڵین، بە لکوپۆپە تەزیوەکانی لە

ئامێز گرتبوو!

جگە لە خوا، کێ بوو بزانێ هەڵگرتنی کڵۆیەک سەهۆڵی شەونم لە ژێر قورسایی‌ی بەفرێک، کە هەر دەهات و بەسەریشی دادەباری، بۆ ئەو لەش و لارە لاوازە چەند گران و دژوار بوو.

هەرچۆنێک بوو، زستانی سارد و تووش ئاخری ڕۆیی؛ و بەهاری تەڕ و سەرسەوز گەیشتە جێ. گوڵەکانی باخچە یەک لە دوای یەک، دەست لەناو دەستی چیمەن و شیناوەرد، سەریان لە دڵی خاک هێنایە دەر.

وەنەوشەش بە بەرگێکی نوێوە، ڕوو بە دنیایەکی تازە، چاوی هەڵێنا. بەڵام سەهۆڵی شەونم لە ئاست تینی بلاوێنی هەتاودا نەتوایەوە و هەروا وەک شووشەیەکی گەش و ڕوون تروسکەی دەهات. شەونم بە سیحری ئەوین، ببوو بە گۆیەکی بلوورین! وەنەوشە، ئومێدەوارتر لە پێشوو، پێشکەشی لە ئامێز، چاوی لە ڕێگەی پەپوولە بڕیبوو.

ڕۆژێک، لە ئەوپەڕی سەرسوڕمان و ناباوەڕیدا، پەپوولە، هەر وەک هەمیشە شاد و دڵتەڕ، گەیشتە جێ. ماوەیەک بە سەماکردن بە ناویاندا گەڕا. چەند جار بڵیند و نەوی بوویەوە و ئەمجار لەسەر گوڵێکی سوور، کە لە چەقی باخچەکەدا ڕوابوو، نیشت. وچانێکی گرت و بەرەو مێخەک فڕی. پاشان بەرەو یاسەمەن، هێرۆ، زەمبەق و... گوڵەکانی تر؛ بەڵام لایەکی لە وەنەوشەی ئەویندار و تاسەبار نەکردەوە و ئاوڕێکی وێ نەدا!

وەنەوشە کە چاوەڕوانی ڕوداوێکی وا نەبوو، بە دینی ئەم دیمەنە، هەموو هیوا و ئاواتەکانی بوونە بڵقی سەرئاو!

ئاخر پەپوولە چلۆن بیزانیایە کە لە قوژبنێکی دوورەپەرێزی ئەم باخچەیەدا وەنەوشەیەک دەژی کە بە تەواوی دڵی داوەتە ئەو. سەوداسەر و حەیران، لە بەرامبەر سەرما و سۆڵ و کرێوەی زستان ڕاوەستاوە و ژیانی خۆی لە هەبوونی ئەودا دەبینێ.

پەپوولە، بەبێ ئەوەی لایەک لەم هەموو خۆشەویستییە پاک و بێگەردە بکاتەوە، پشت بە باخچە باڵی لێک دا و دوور کەوتەوە؛ ئیدی وەنەوشە مایەوە و شەونمێکی بلوور و دنیایەکی خاپوور و داتەپیو لە تاسە و ئاواتەکان...!

بە ڕۆیشتنی پەپوولە، غەمێکی قورس دڵ و دەروونی وەنەوشەی داگرت. ژاکا، و ئەژنۆی نوشتایەوە و شەونمی بلوورین لە ئامێزی خزی!

شەونم خللۆر بوویەوە و لە بەر پێی گوڵی سووری چەقی باخچەکە گیرسایەوە. گوڵی سوور هەر کە چاوی بە ئەڵماسی بلوورین کەوت، سەری سوڕ ما. ئەوە یەکەمجار بوو چاوی بە شتێکی وەها جوان و دڵڕفێن بکەوێ. تێگەیشت کە ئەوە نیشانەی ئەوینێکی پاکە. بۆ دۆزینەوەی خاوەنەکەی، شوێنی لەسەر خۆڵەکە هەڵگرت تا گەیشتە وەنەوشە.

هەر لە یەکەم نیگادا، مەندی و جوانیی وەنەوشە کاری لێکرد. لەسەرەخۆ هەرای کرد: «هۆ وەنەوشە! ئەم شەونمە بلوورینە هی تۆیە؟»

وەنەوشە گوتی: «سەردەمێک هی من بوو و لام زۆر خۆشەویست. پێشکەشییەک بوو، بە نیشانەی ڤیان، بەڵام!...» وەنەوشە ئەوکی گیرا و نەیتوانی قسەکەی تەواو بکا.

گوڵی سوور پرسی: «بەڵام چی؟ پێم بڵێ چی قەوماوە؟ بۆ وا ژاکاو و دڵتەنگی؟»
وەنەوشە گوتی: «ئەو پەپوولەت لە بیرە کە ماوەیەک لەمەوبەر بە سەما هاتە ناومان و لەسەر پەلکە سوورەکانی تۆش وچانێکی گرت؟ ئەو، خۆشەویستترینم بوو. با و باران، کرێوە و باتۆف و هەموو دژوارییەکانم کێشا تا پێی بگەم. ڕۆژ و مانگ و وەرزم لە چاوەڕوانیی گەڕانەوەیدا بژارد. ئەم دڵۆپە شەونمەم دانابوو بە ناوی یادگاری ئەوین پێشکەشی بکەم. کەچی ئەو هەموو خۆشەویستییەی بە هیند نەگرت و ئاوڕێکیشی وێنەدام. بیرەوەرییەکانی دیداری پاریشی خستە ژێر پێ و باڵی لێک دا و فڕی و من مام و دنیایەک حەسرەت و ئارەزوو.»
گوڵی سوور گوتی: «ئایا ئەو لە ئەوینی تۆ سەبارەت بە خۆی ئاگادارە؟»
وەنەوشە گوتی: «نا، چجار ئەو توانایییەم نەبووە پرێسکەی دڵمی لە لا بکەمەوە.»
گوڵی سوور گوتی: «من لە ئاخر خێریی ئەم خۆشەویستییە خاترجەم نیم؛ پەپوولە ئازادە و لە داوێنی سروشتی کوێستان دەژی. لە کاتێکا تۆ هی ئەم باخچە و ئاو و خاکەی. ئاخۆ چلۆن دەکرێ هەموو هەوداکان بپچڕێنی و ڕوو لە کوێستان کەی؟ یا داوە دەزووی ئەم پنجە ڕەگ و ڕیشە ئاوریشمینە چۆن دەتوانێ چنگ لە ڕەقەنی کوێستان گیر بکا؟ بە بڕوای من هەر لە ئێستاوە فەرامۆشی کە.»
وەنەوشە گوتی: «ئەوانەی پەنجەت لەسەر دانان، هیچیان بە لەمپەر نازانم. لە فەرامۆشیش هەر مەدوێ. ئەگەر لە دەستت دێ بۆ گەیشتن بەو ئاواتە یارمەتیم بدە!»
گوڵی سوور گوتی: «دڵنیام ڕۆژێک دادێ پەشیمان ببیەوە. سۆز و کوڵی بە بێ بیرکردنەوە، تەنیا ژان و ئۆف بەرهەم دێنێ. سەرەڕای ئەمانەش، ئێستا_کە دەبینم بڕیاری خۆت گرتووە، یارمەتیت دەدەم.»
پاشی چەند ڕۆژ، کاتێک پەپوولە سەردانی باخچەی کردەوە، گوڵی سوور ئەوی لە ڕازی دڵی وەنەوشە ئاگادار کرد. پەپوولە کە ئەمەی زانی، بە نیازی دڵدانەوە و داوای لێبوردن، یەکڕاست بەرەو وەنەوشە فڕی و لەسەر پەلکەکانی نیشتەوە و پرسی: «ئەی وەنەوشە! ئایا ئەوەی گوڵی سوور پێی گوتم ڕاستە؟»
وەنەوشە وەڵامی دایەوە: «بەڵێ، ڕاستە. هاوینی ڕابردوو کە چاوم پێت کەوت، دڵم لە لا نەما، بەڵام چجار نەمتوانی ڕازی دڵمت لە لا بدرکێنم.»
پەپوولە پرسی: «ئایا دەتوانی هەوداکانی پێوەندیت لێرە بپسێنی و بۆ هەمیشە لەگەڵم بێیە کوێستان؟»
وەنەوشە گوتی: «هەر کوێ تۆ بخوازی، ئەگەر ناخۆشترین شوێنی جیهانیش بێ، لەگەڵت دێم. بە مەرجێک لە لای تۆ بم، باری هیچ دژوارییەک بۆ من قورس نییە. ئەوەی بۆ من گرینگە، ژیان لەگەڵ تۆیە.»
پەپوولە گوتی: «کەوایە لەمڕۆڕا ئەشێ خۆ ئامادە کەی. بارگەت تێک نێ، و هەودای ڕیشەکانت هەڵکێشە! من سێ ڕۆژی تر دێمەوە لات. لەو ماوەیەدا هیچ کارێک مەهێڵەوە.»
وەنەوشە گوتی: «بە گیان و بە دڵ. هەموو هەوداکانی پێوەندیم دەپسێنم! چڵچڵی ڕیشەکانم

هەڵدەکێشم! بێسەبر و قەرار چاو لە ڕێگای گەڕانەوەت دەبڕم.»
پەپوولە فڕی و وەنەوشە لێوڕێژ لە تاسە و هیوا، قۆڵی لە هەڵکەندنی بەرپێی خۆی هەڵماڵی. هەر ڕۆژە گرێی بەندێکی دەکردەوە و تاڵێکی هەڵدەپساند! گوڵەکانی باخچە بە دیتنی ئەم دیمەنە دزێوە، غەمێکی قورسیان بەسەردا تەپی.
ڕۆژی سێیەم تاکە هەودایەک لە خاکا مابوو. وەنەوشە لە کاتێکا ئارەقەی دەڕشت، شەکەت و ماندوو لەو تاکە هەودایە نووسا بوو و بۆی نەدەپسا! گوڵی سوور کە تاقەتی دیتنی نەمابوو، گوتی: «وەنەوشە! بڵێی بکرێ لەم کارە پاشگەز بیەوە؟» وەنەوشە گوتی: «بمبوورە گوڵی مێهرەبان، بە دەست خۆم نییە و بێ پەپوولە ژیانم نابێ»
دەمەو ئێوارە، ئەو کاتەی ئاسۆ سوور داگەڕابوو، وەنەوشە توانی دوایین هەودای ڕیشەی خۆی لە زەوی هەڵکێشێ! بەم دوایین هەودایە، ڕیشەی ئومێد لە دڵی گوڵی سووریشدا هەڵپسا! هەموو خونچەکانی وێکهاتنەوە و کروشم هەڵات و لە ئاستە خۆی دۆش داما و لە دەریای غەم و نیگەرانیی ڕۆیشتنی وەنەوشە و چارەنووسی نادیاری ئەودا کەوتە مەلە.
وەنەوشە بە یەکجاری بارگەی خۆی تێکنابوو. سبەی بەیانی، هێشتا گزینگی نەدابوو، پەپوولە گەیشتە جێ. بە دەرکەوتنی پەپوولە، گوڵی سوور دڵی داخورپا. سەراپای جەستەی وە لەرزین کەوت. وەنەوشە دانە دانە بە گوڵەکاندا هات و ماڵئاوایی لێکردن. کاتێک گەیشتە بەردەم گوڵی سوور، گوتی: «سپاس بۆ یارمەتیت. هەرگیز چاکەی تۆم لەبیر ناچێ.»
گوڵی سوور کە لە یەکەم نیگادا دڵی دابوو بە وەنەوشە، دڵۆپە فرمێسکێکی کردە بەدرەقەی ڕێگای و بە دەنگێکی لەرزۆک گوتی: «داوخوازی بەختەوەریتم و شەونمی بلوورینت بۆ هەمیشە یادگارە لە لام.»
لە دوای ئەم ماڵئاواییە، پەپوولە وەنەوشەی هەڵگرت و لە بەرینایی ئاسمانا وردە وردە لەبەر چاو ون بوون.
ئەو ڕۆژە بۆ گوڵەکانی باخچە، ڕۆژی پرسە و ماتەم بوو. کەسێ قسەی نەدەکرد. جێگای چۆڵی وەنەوشە لە باخچەدا دیار بوو.
شەو لە نیوە تێپەڕیبوو کە پەپوولە و وەنەوشە گەیشتنە کوێستان. پەپوولە، وەنەوشەی لە گوڵجاڕی گوڵە کێویلەکان دانا و گوتی: «ئێرە زێدی منە. هەوڵ بدە ڕیشەت لە خاکی سەختی ئێرەدا، گیر بکەی. با ئەوەش بزانی کە من لە منداڵییەوە لە نێو گوڵان گەورە بووم. ناتوانم هەموان بۆ تاکە گوڵێک بەجێبێڵم! ڕەنگ و بۆی هەر گوڵێکم بکەوێتە بەر دڵ، دەسلەملان و ئامبازی دەبم!»
پەپوولە، لە دوای ئەم قسانە کە هەر وشەیەکی وەک کوتکێکی ئاسن وە ڕوح و هەستی وەنەوشە دەکەوت، ئەوی لە ناو هەزاران گوڵەکێویلکەدا بە تەزووی ساردی با ئەسپارد و ڕۆیی و ئیدی نەگەڕایەوە. هەرچی وەنەوشە هەوڵی دا چنگ لە زەویی ڕەقەن و سەختی کوێستان گیر بکا، بۆی نەلوا.
ئەو دەیزانی، ئەگەر بێتو هەرچی زووتر ڕیشەی خۆی لە زەوی دانەکوتێ، لە بەرامبەر گژەبای سارد و سڕی کوێستاندا دەوام ناهێنێ و وشک دەبێ. وەنەوشە هیوایەکی زۆری بە گوڵەکانی

کوێستان بوو تا یارمەتی بدەن و دەستی بگرن.
سەر لەبەیانی، گزینگ لووتکە و لاپاڵی ئەنگاوت. ڕوەکی کوێستان کە چاویان هەڵێنا و وەنەوشەیان لە ناو خۆیاندا دیت، سەریان سوڕ ما. کاتێک لە شێوە و ڕەنگ و بۆڕا زانیان غەوارەیە، سەریان خستە سەر و هەر یەکە لاتاوێکی پێدادا.
یەک گوتی: «وەرن سەیری ڕوەکی بێڕیشە کەن!»
یەکی تر گوتی: «خۆزگە بێڕیشە بوایە؛ ئەوە هەر بێڕەگەزە!»
گوڵێک کە لە بەردەم وەنەوشە ڕوابوو، بە قێزەوە ڕووی وەرگێڕا و گوتی: «پەککوو لەم بۆنە ناخۆشە! خەریکە دڵم لە ژێڵڵا دێ!»
گوڵێکی زەردی ڕەقەڵە و لاسک درێژ لە دوورەوە هەرای کرد: «کە گوڵ بوایە، زێدی خۆی بەجێنەدەهێشت و ئاوا داماو لێرە نەدەمایەوە.»
گوڵێکی شینی کورتە باڵا و چوارپەل قایم، بە دەنگێکی گڕەوە گوتی: «لێیگەڕێن با هەر لەوێ بکەوێ. دڵنیابن تا ماوەیەکی دی با، وشکی هەڵدێنێ و لە کۆڵمانی دەکاتەوە.»
وەنەوشە تازە بیری لە گەورەیی و پاکیی ئەوینی گوڵی سوور دەکردەوە و دەیزانی کە شاگوڵی باخچە تا چ ڕادەیەک دڵی لە لای بووە و خۆشی ویستووە.
کزەی سەرمای کوێستان و تیری لاتاوی گوڵەکێویلەکان، لە دوو لاوە هێرشیان بۆ وەنەوشە هێنابوو و بڕستیان لێبڕیبوو.
وەنەوشە دڵنیا بوو ئەگەر تەنانەت بە بێڕیشەش بتوانێ بژی، لە ئاست ئەم توانج وتیر و تانە جەرگبڕانە ناتوانێ دەوام بێنێ.
چەند ڕۆژێک سووک و کەمبایەخ بە ڕوودا کەوت. کەس لای لێنەدەکردەوە. وردە وردە سیس دەبوو... دوو دڵۆپە فرمێسک لە گۆشەی چاوەکانیدا قەتیس مابوو و شوێنی شۆڵاوکەیەکی وشک هەڵاتوو بە سەر ڕوومەتیدا کشابوو. هەستی دەکرد دوایین هەناسەکانی هەڵدەکێشێ، کە دەنگێک لە چەشنی سرووشی نادیار پەردەی گوێی لاواندەوە. وەک مردوویەک سەری هەڵێنا و بە دەوری خۆیدا ڕوانی. تەنیا هەستی بە بوورینی با کرد دەیلووراند و بە بستوودا لێدەهاڵایەوە.
با، پەلکەکانی وەنەوشەی جوڵاندەوە و پرسی: «ئەی وەنەوشەی خۆشبۆ! بۆچی ڕەگ و ڕیشەت بە دەرەوەیە و بە دمدا کەوتووی؟»
وەنەوشە گوتی: «داستانی من دوور و درێژە و لە گێڕانەوە نایا. من هی ئەم ئاو و خاکە نیم.»
با پرسی: «زێدی تۆ کوێیە و بەسەرهاتی تۆ چییە؟»
وەنەوشە داستانی خۆی لە نووکەوە بۆ گێڕایەوە.
با گوتی: «غەم دامەگرە! من دانانیشم تا تۆ نەبەمەوە لای گوڵەکانی باخچە.»
وەنەوشە هەرگیز بڕوای نەدەکرد کە ڕێگەیەک بۆ گەڕانەوە مابێ.
با گوتی: «دەست لە پشتم گیر کە و خۆ بۆ سەرمایەکی سەخت ئامادە بکە! چونکە بە درێژایی شەو لە ڕێگادا دەبین.»
شەوەکی، بەر لە هەڵاتنی ئەستێرەی بەیان، با_ پێی نایە باخچە و وەنەوشەی لە پەنا گوڵی سوور

دانا. هێشتا تاریک بوو و کەس لە گەڕانەوەی وەنەوشە ئاگادار نەبوو.
وەنەوشە لە بوومەلێڵی بەیاندا توانی بە هاسانی ڕیشە لە خاکی خۆی داکوتێتەوە. کە گوڵەکان بە پرژەی شەونم چاویان لە خەو هەڵێنا و وەنەوشەیان لە باخچەدا بینی، وایانزانی خەون دەبینن.
لە هەموان خۆشحاڵتر، گوڵی سوور بوو کە نەیدەتوانی باوەڕ بکا ئەوە وەنەوشەیە گەڕاوەتەوە و چنگی لە خاکی خۆی توند کردووە.
گوڵی سوور لە خۆشیان تەواوی خونچەکانی خۆی پشکواند و بۆنێکی سووکی لە باخچەدا بڵاو کردەوە. بە دوای ئەودا، هەموو گوڵەکانی باخچە، خونچەکانی خۆیان پشکواند و لە گەڕانەوەی وەنەوشەدا جێژنەیان گرت.

مەهاباد، 11ی خاکەلێوەی 1386

---

**ڕەگاژۆ**: (ڕەگ + ئاژۆ«لە: ئاژۆتن») ڕەگ هاویشتنی دار و گیا لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، بڵاو بوونەوە و ڕۆیشتنی ڕیشەی ڕووەک بە دەور و بەری خۆیدا. وشەیەکی باوە لە موکریاندا و بە **ڕیشاژۆ** (ڕیشە + ئاژۆ)ش بەکار دەچێ.

ئەم وەرگێڕاوە لە گۆڤاری مەهاباد دا بڵاو کراوەتەوە. بڕوانە:
مەهاباد، گۆڤاری کۆمەڵایەتی فەرهەنگی ئەدەبی،ساڵی حەوتەم، ژمارە 76، ساڵی 1386، ل 36-34.
**MAHABAD, Social, Cultural & Literary Magazine No.76. Jul 2007**